

# ئەشرەفی شەریفی ئال موحسین–ی حککع بۆوا تووڕەبووە

## ئاسۆ

جەبار موحسین–ی برای جەمال محسین و ئامۆزای تایر حەسەن لە نووسینێکی من تەواو تووڕەبووەو لە مانشێتی بابەتەکەیدا بە من دەڵێ کۆنە پەیامنێر و دەزگای زانیاری، ئەم برادەرە باش کۆمۆنیستە لەگەڵ خێڵەکەی مەنسور ئاغا هەر کەسێك ڕەخنەی لە گروپەکەیان گرتبێت بە پاراستن و زانیاریی تۆمەتبارت دەکەن ودەڵێن پارەت لەزانیاری و پاراستن وەرگرتووە، تەنیا بەمنیش نەوتراوە زانیاری بەڵکو کەم ئەندام و کادری ئەم گروپە هەیە کە وازیان هێنابێت ئەم تۆمەتەیان نەخستبێتە پاڵ، جەبار–ی باش کۆمۆنیست دەڵێت ئەگەر جنێوو درۆکان لەوتارەکەی ئاسۆ دەربکەی هیچی لێنامێنێتەوە بەوتەی خۆشی بۆیە وەڵامم دەداتەوە نەکا خەڵکانێك لەنووسینەکەم تێبکەون، جا باشە کاك جەباری باش کۆمنیست ئەو نووسینانەی من کامەی ناڕاستە، مەگەر ئێوە ٢٥٠ هەزار و ٥٠ پارچە چەکتان لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا لە ساڵی ٢٠٠٠ وەرنەگرت، مەگەر ئێوە نەبوونە مایەی سەرلێشێواندنی دەیان خێزان لەناو گروپەکەتاندا، باشە کێشەی ڕێگا ڕئوف و بەهادینی ئەحەمتە سۆران و هەڵاڵە و هتد.. ئەمانە بەفیتو تەحریکی کێبوون ؟

باشە باش کۆمۆنیست وێنەدان لە بەیاننامەکان لەبەرخاتری بەدەستهێنانی کەیس نەبوو، بۆ گەیشتن بە ئەوروپا، پێم ناڵێی ئێوە نەبوون بەهەر چوار دەووردا هەڕەشەتان دەبەشییەوە بۆئەوەی کەسێك تەهدیدتان بکات و بەجانتایەکەوە بەرەو u.n هەڵبێن.

جەبار لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا دەڵێ گومانم لەوە هەیە کە ئەم نووسینە ئاسۆ نووسیبی، و من بەنووسەر نازانێ و پاشانیش منەتبارمان دەکات بەوەی کە پرسیاری بۆ داناوم!!! سەرنج بدە ئەم برادەرە باش کۆمۆنیستە چەندە شێواو تووڕەیە لە نووسینەکەم، دەیەوێ چی قسەیەکی

بیّبناغە بكات باش كۆمۆنیست! ئەگەر من پرسیارم بۆ نەكراوەو نووسەرنیم ئەی چۆن شان بەشانی ئەندامانی مەكتەبی سیاسییەكەت لەسەر مێز دانیشتبووین بۆ ماوەی سیّ سالّ، ئەگەر ئەویش بەبیّبناغە دەزانی و پێت وایە تۆمەتی دەزگای زانیارییە وێنەكانم لەلاماوە، جگە لەمەش دەزانم تۆ لە چاوی گروپەكەتەوە دەڕوانی، چونكە گروپەكەت هەموو شتێكت فێردەكات، لە بیریشت بێت خۆت یەكێكی لەوانە كەشتت بۆ دەنوسریّ نەك من.

ئەشرەفی شەریفی ئال محسین بەمن دەڵێت كێشەی ئەم بەشەرە دووشت بوون یەكەمیان جەرائەت و دووەمیان قورسایی پارە لەسەر مێشكی.

من پرسیارێك لەتۆی كرێكاریی دەكەم كاتێك لەگەڵ PUK بەشەڕ هاتن جەرائەتی جەنابتان و خێڵەكەتان لەكوێدابوو، كیّبوو بەقەڵەمە سەوزەكە ئیمزای كرد كە تۆبەتان كردو سلێمانیتان بەجێهێشت.

باشە باش كۆمۆنیست ئەگەر جەنابتان جەرائەتتان هەیە بۆ ڕاتانكرد، بۆ ساحەكەتان بەجێهێشت، ئاخر جەناب پێتان وایەكە یەكێتی ڕاوی ناون ئەی بە قەولی مەنسورئاغا موبارەزەو خەباتی كرێكاری مانای چییە، یان ترسنۆكی و ئیخلاستیان وای لێكردن بڕۆنە un و بپاڕێنەوە بۆئەوەی بچنە ئەوروپا ئەم ئەشرەفی شەریفە بەمن دەڵیّ قورسایی پارە لەسەر مێشكی هەبووە وە دەڵیّ منو ئەو و ئەندامی كۆمیتەی مەركەزی بەیەكەوە یەك پارەمان وەرگرتووە بەڵام ئاسۆ دوای دوو ڕۆژ پارەی پیّنەماوە، سەیربكەن جەبار لەتاودا پەنای بۆچی بردووە؟ بابیرت بخەمەوە من ٧٥ دینارم مانگانە لە گروپەكەی تۆ وەرگرتووەو هیچ كاتێكیش بۆ پارە لەو ڕادیۆیە كارم نەكردووە، خۆشت باشدەزانی كەبەشی زیندووی ڕادیۆكە لە ئەستۆی مندابووە.

ئەوە من نەبووم چاوم لەپارەبێت، ئەوە خۆت و خێڵەكەت بوون كە پەناتان بۆ هەرچی لا هەیە برد بۆ بەدەستهێنانی پارە، وەك لەسەرەوە باسمكرد ٢٠٠ هەزار دیناری مانگانە بۆ كویّ دەچوو ؟ ئەم سەرلێشێواوە لە تووڕەبووندا خۆشی نازانیّ چی دەڵیّ، من بەوە تۆمەتبار دەكات كەلەسەر دزی لەحیزبەكەی دەركراوم جەباروتایەری ئامۆزای لەهەموو كەس باشتر دەزانن كە من لە ٢٠٠٠/٥/١٨ دا وازنامە (استقالە)م لە گروپەكەیان داوەو تایەریش وازنامەكەی قبولّ كردووەو لەوەڵامی وازنامەكەشمدا نووسیوێتی:

(لەسەر داوای خۆت قبوڵی دەست لەكاركێشانەوەت دەكەین وە هیوادارین وەك كەسێكی ئازادیخواز لەدەوری حیزب بمێنیتەوە).

بۆ ئەمەشیان بڕۆ لە تایەری ئامۆزات بپرسە!

لەلایەكی ترەوە ئەم قەلەندەرە بەوە تاوانبارم دەكات كەمن پارەیەكی زیاترم لەهی حیزبەكەی ئەو وەرگرتووە بۆیە ئەوانم بەجێهێشتووە بیّئەوەی بیری چوارچركەی پێش ئەم پەرەگرافەی مابیّ خۆی دەڵیّ كەلەسەر دزی دەرمانكردوە جەبار وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی بە هەڵەشەی وەڵامی

داومەتـەوەو بەشێوەیەك لـە نووسینەکەم قـەڵس بـووە کـەباش نەیخوێندۆتـەوە و دەڵـێ: ئاسۆ کە ئەئەوەنـدە جەریئ بوویت و شـەقت لـە فـەردە پـارە هەڵـداوە بۆ قبـوڵی ئەوانـەت کـردووە کـە لـەناو حیزبـدا ڕوویـداوە، جـا سـەیری ئـەم بلیمەتـەی کۆمۆنیسـتی کرێکـاریی بکـەن کـە هـەموو شـتێك بـە سـەرەوخواری دەبینـێ، مـن لـە نووسـینەکەمدا نـەمووتووە شـەقم لـەپارە هەڵـداوە (هۆشـیار عـارف) ی بـرای (ڕێبـوار عـارف) کـە بەرپرسـی مەکتـەبی عەسکەری هۆزەکەیان بوو بۆمنی باسکرد کە لەبەرامبەر ستەمی ئەواندا ئەم کارەی کردووە بەڵام ئەم شڵەژاوە نەیزانیوەو چی خوێندۆتـەوە و چیشی نووسیووە!

جەبار بەمن دەڵێ کە کردەوەی ئاوات بینیووە دەبوو وازتبهێنایە، ئەم جوامێرەی ئا ل محسین کەسەر بەخێڵی حیکمت ئاغان خۆیو بنەماڵەکەی ئەو ڕاستییە باش دەزانـن کـە مـن چـەندە ڕەخنـەم لێگرتـوون، چـەند بەرامبـەر ڕابـەرە کارتۆنییـەکان وەسـتاومەتەوەو راستیەکانم پێـووتن، دەرەنجـامیش دەسـتم لـەکار کێشـایەوە، لەبەرئـەوەی گـەیشـتمە ئـەو بـاوەڕەی کـە کەسـانی ئەماسـا لی تـۆو بنەماڵەکـەت گروپەکـەتان پـاوانکردووە، هـەر کەسـێکیش ڕەخنـەی لێگـرتبێ دەرتـان پەڕانـدووە و بـەزانیاری و پاراسـتن تۆمـەتبارتان کـردووە، جەنابیشـت وەك ئەشـرەفی شـەریف خـەریکی ڕاپـۆرت نووسـین بوویت، کارو کاسبیت هەر تەقریردان بوو بژێویت لەسەر چاڵ هەڵکەندن بۆ ئەندامان کادران تاکار گەیشتە ئەوەی ڕێگەلـە ستافی ڕادیۆ بگریت کە گۆڤاری گولاڵو ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ بخوێننـەوە، بیرتـە بەمنیشـت وت تـۆ هـەموو ڕۆژێـك گـولاڵو کوردسـتانی نوێت بەدەسـتەوەیە، ئەوانـە تەبلیغی ژەهراوی دەڕێژنو خوێندنەوەیان خراپەو بۆ (بۆ پێشەوە) ناخوێنیتەوە، تەنانەت کاك (جەمال) ی برات کتێبی (ئـەم بلقـه کـەی دەتـەقێ) ی لەدەستی فەرەیدون حسێن زادە سەندو سوتاندی.

ئێسـتاش تـۆ ئـەو ئەشـرەفی شـەریف و ڕاپـۆرت نووسـەی لـەوە بترازێ نـەخاوەن قەڵـەم و نەرۆشـنبیریی، یـەك زەرەش بـاوەڕت بـە ڕەخنـەو ئـازادی بیروڕانییـەو دیکتاتۆرێکیقـەزەمی خێڵەکـەتی ئیتر پـەنا بـردن بـۆ جنێـوو تۆمـەتبار کـردنم بـەوەی کـە مـن دەسـتم لەخـەڵك پـان کردبێـتەوە جگـە لـە ئیفلاسیت بەو لاوە هیچ شتێکی تر نیە تەنانەت واتۆمەتبارم دەکەی لەگەڵ باوکم تـەواو نـیم ئەمـە زەلیلیـەکی تـری جەنابتـە کـە هـەموو کـەس دەزانـێ ئەوە من نیم ئەوەم بەسەر هاتبێ بەڵکو ئەوە تۆو ئەندامانی خێڵکەتە کە خێزانەکانیشتان ڕقی لێتانە منیش نەبووم بۆ پارە بامدابێتەوە بەڵکو خۆتو خێڵەکـەت بـۆ پـارەو دەعـوەت خـەڵکانی جاهیـلو نەخوێنـدەوارتان دەکـردە ڕابـەرو فـس فـس پاڵـەوانی کۆمـۆنیزم. وە مـن نـەبووم پـارەم لـە یـەکێتی وەرگرتبێت یان تەلەفون یان هەموو مانگێك ٦٥ بەرمیل نەوتو دووسەد هەزار دینار دیسان بیرت دەخەمەوە ڕێبوار ئاغـای لیدەرتان لـە کۆبوونـەوەی کۆمیتەی سلێمانی نەیووت من ئەندامێکم دەوێ (٥) دینار ئابوونە بداتو لافیتەیەکم بۆ هەڵبواسێ.

(ستران عبدالله)ش نووسەرو رۆژنامەنوسێکی سەرکەوتووە راستو دروست قەسەکانی دەقاودەق راست بوون کە ئێوە نە حیزبنو نە کۆمۆنیستنو نە کرێکارینو نە عێراقیشن ئەگەر باسی کۆنە بەعسیش دەکەی گروپەکەی خۆت پڕیەتی لە کۆنە بەعسیو عەرەبی ١٠ هەزاری کەرکوک جەناب بەمن دەڵێی نێچری دەزگای زانیاری بەخەیاڵە بێماناکانی خۆتان زانیاری لە ڕێگەی منەوە نیازی خۆیان جێبەجێ دەکەن من وەڵامم دایەوە کە ئێوە هەر کەسێك رەخنەی لێگرتبن ئەو تۆمەتانەتان خستۆتە پاڵ بەڵام تا پێش ڕووخاندنی رژێمیش ئاغا ئێرانییەکانتان لە بەغداوە هاتووچۆیان دەکرد جێگەی حەوانەوەی ئاغای گەورەتان مەنسور ئاغا لە بەغدا بوو تا ئەو کاتەی چوو بۆ هەندەران کاتێکیش رژێمەکەی سەدام کەوتە بەردەم هەڕەشەی ڕووخان کەوتنە شیوەنو هاتو هاوار بۆ ئەم دیکتاتۆرە کە دەستی سوور بوو بە خوێنی سەدان هەزار کورد ئێستاش داکۆکیکردنتان لە عەرەبی ١٠ هەزاریو پاشماوە سەدامیەکان جگە لە جێبەجێ کردنی پلانەکانی دەزگا سیخوریەکانی عەرەب و تورك چیتر نیە وە ئێوە تاوانبارن بە عەمالەت نەك من کە رۆژنامەنوسێکی سەربەخۆمو تا ئێستاش ئەندامی هیچ پارتو لایەنێك نیم بۆیە دەڵێم جنێودانتان بەخەڵکی کوردستان و بەها پیرۆزەکانی ئەم نەتەوەیە هیچ قازانجێکتان پێ ناگەیەنێ جگە لەڕوو ڕەشی بۆ خۆتو خێڵەکەت هیچی تری لێ ناچنیتەوە دڵنیاش بن کە ئێوە هیچ جێگاو ڕێگایەکتان لە کوردستان نیەو کارو کردەوەکانتان نامۆیە بە خەڵکی کوردستان وە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردیش پاشە کشەی نەکردووە ئەوەی کە دۆراوە تەنیا ئێوەن وە ئەوەی شەرمەزاری بۆ مایەوە و هەڵهات هەر ئێوە بوون ئێستاش جنێوەکانتان لە ئەوروپاوە نیشانەی ئیفلاسییە ئەگەر ئێوە خەبات کارو ئینسان دۆست بونایە ڕاتان نەدەکردو لەتەك ئەو خەڵکە زەحمەت کێشە دەمانەوە کە لەگەڵتان بوون نەك ئەوەی ئەوانتان کردە قوربانی کەیسەکانی خۆتان لە ٦٧ ئەگەر خەباتکارو دنیا گۆریش بونایە لە ٦٧ دەیان چیرۆکی بێماتان دروست نەدەکرد وەك ئەوەی هۆتان بە هۆمۆسێکس واڵ لە قەڵەم دەدا تەنهاش لەبەر بەدەستهێنانی ئەوروپا وەك پێشمووتن ئەوەیئێوەناوتان ناوەخەبات کردن. لەفشە بەولاوەهیچیترنیە

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
ڕێکخراوی کوردستان
کۆمیتەی رابەری

ژمارە: ٩٧٢ ک
بەروار: ٢٠٠٠/٥/٢٢

بۆ / ( ئاسۆ عثمان حمە لاو )
بابەت/ قبوول کردنی ئستقالە

دوای سڵاو ...

نامەکەتان بەدەست گەیشت کە بە تاریخی ١٨/٤/٢٠٠٠ نووسیوتە و کە تیایدا داوات کردووە ئستقالەت لە حیزب قبوول بکرێت. هەیئەتی تەنفیذی کۆمیتەی رابەری داواکەتی قبوول کرد، لە تاریخی ئەم نامەیەوە ئیتر ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق نیت. هیوادارم وەک کەسێکی ئازادیخواز و دوستێکی حزب بمێنیتەوە.

بە سڵاوی دووبارەمەوە ....

طاهر حسن
سکرتێری کۆمیتەی رابەری
٢٠٠٠/٥/٢٣

وێنەی بۆ:-
- سکرتاریەتی کۆمیتەی سلیمانی /بۆ ئاگاداریتان.
- ئەرشیفی کۆمیتەی رابەری.